# قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز و دیارترین کێشەکانی 1916-1868

**بژار عوسمان ئەحمەد**

بەشی مێژوو، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:** - لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا زانست و ناوەندە زانستییەکان گرنگی تایبەتییان هەبووە، لەگەڵ ئەوەی لەسەردەمانی کۆندا مزگەوت و مەدرەسە و حوجرەکان ناوەندی زانستی و فێرگەی زانستخوازان بوون، بەڵام لە سەردەمانی کۆتایی حوکمڕانی عوسمانی لە کوردستاندا قوتابخانەی فەرمیش لەلایەن دەوڵەتەوە کرایەوە، کە یەکێکیش لەوانە شاری ڕەواندز بوو. تێچووی ئەم قوتابخانانە و مووچەی مامۆستایان و دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندن بۆ قوتابیان لەلایەن دەوڵەتەوە دابین دەکران، سەرەڕای ئەمانەش، جیاواز لە قوتابخانەکانی تری ڕوشدییە لەناوچەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی، ئەوا کۆمەڵێك کەموکوڕی و کێشە لە قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندزدا هەبوو کە پەیوەندی بە خوێندن و قوتابیان و مامۆستایانەوە هەبوو .

بۆ ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە چەند میتۆدێکی مێژوویی بەستووە، لە پێش هەموویان میتۆدی شیکاری مێژوویی و خستنەڕوو و شیکردنەوەی دەقی بەڵگەنامەکان وەك سەرچاوەی یەکەم، هەروەها بەکارهێنانی سەرچاوە زانستییەکانی تری وەك کتێب و توێژینەوە زانستییەکانی وەکو ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا، هەروەها پشت بەستن بە میتۆدی بەراوردکاری لەنێوان سەرچاوەکان و بەساڵنامە و بەڵگەنامە فەرمییەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا کە زانیاری ورد لە بارەیەوە دەدەن. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییانەیە بۆ پیشاندانی قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز و دیارترین کێشەکانی لە نێوان 1868-1916دا، کە لەم ماوەیەدا سەرەڕای کێشە و گرفتەکانی، ئەوا خزمەتی بە لایەنی زانستی شاری ڕەواندز کردووە و نەوەیەکی نوێ لەڕێگەی ئەم قوتابخانەیەوە پێگەیشتووە.

**کلیلە ووشەکان-** ڕەواندز، قوتابخانە، ڕوشدییە، مامۆستا، قوتابی.

## پێشەکی:

هەر لە سەردەمانی کۆنەوە لایەنی زانستی بایەخی خۆی هەبووە، چەندین زانای کورد لە بواری جیاوازدا هەڵکەوتوون و چەندین ناوەندی زانستی گەورەش لە کوردستان لەلایەن میر و حوکمڕانەکانی کوردەوە دروستکراون، یەکێك لەوانەش لەشاری ڕەواندز بوو، میرەکانی سۆران مەدرەسە و حوجرەی مزگەوتیان لەشارەکەدا گرنگی پێدابوو. لەدوای رووخانی مرنشینی سۆران و لە ساڵانی کۆتایی حوکمڕانی دەوڵەتی عوسمانی لە شاری ڕەواندزدا قوتابخانەی فەرمیی سەر بەدەوڵەت لە شارەکەدا بنیاتنرا، ئەویش قوتابخانەی ڕوشدییە بوو، ئەم سەر بە وەزارەتی پەروەردە (وەزارەتی مەعاریف)ی دەوڵەتی عوسمانی بوو. قوتابخانەی ڕوشدیە هەر لە ساڵی دامەزراندنییەوە (1868) تاکو ناوەڕاستی جەنگی یەکەمی جیهانی و هێرشی رووسەکان بۆ سەر شاری ڕەواندز خزمەتی بە لایەنی زانستی شارەکە کردووە و چەندین قوتابی لەم شارەدا پێگەیاندووە، ئەویش بەهۆی پلانی زانستی و سیستەمی خوێندن و وانەکانی قوتابخانەکە، بەڵام ئەوەی لێرەدا وەکو کێشەی توێژینەوەکەدا دەبینرێت ئەوەیە کە سەرچاوەکان و توێژینەوەکان زانیاری زۆر وردیبان لە بارەی قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز نەخستۆتەڕوو، چونکە سەرچاوەکانی پێشوو وەکو پێویست باسییان نەکردووە و نووسەرانیش وەکو پێویست دەستیان بە بەڵگەنامەکانی عوسمانی نەگەیشتووە، تاکو بتوانن زانیاری ورد و نەزانراو لەبارەی ئەم قوتابخانەیەوە بخەنە ڕوو، هەربۆیە زانیارییەکان لەبارەی ڕەوشی ئەم قوتابخانەیەوە زیاتر لە چەند سەرچاوەیەکەوە وەرگیراون و چەند بابەتێکی دیریکراو لەخۆ دەگرن.

ئەوەی جێگای سەرنجە سەرەڕای ئەوەی لە چەندین سەرچاوەدا باس لە قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز و ڕۆڵی قوتابخانەکە لە ژیانی زانستی شارەکەدا کراوە، بەڵام بەهۆی دەستنەگەیشتن بە ئەرشیفەکانی عوسمانی، ئەوا وایکردووە زانیارییەکان لەبارەی هەموو لایەنەکانی ئەم قوتابخانەیە وەکو پێویست بڵاونەکرێنەوە، بەتایبەتیش دیارترین ئەو کێشانە ی ئە ڕووبەڕووی ئەم قوتابخانەیە بوونەوە باس نەکراون. هەربۆیە

لەم توێژینەوەیە دا باس لە قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز و دیارترین کێشەکانی لە ساڵانی 1868-1916دا دەکەین، ئەویش بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی دەوڵەتی عوسمانی و کتێب و نامە زانستییەکانی تایبەت بە مێژووی شاری ڕەواندز لەو سەردەمیدا.

ئامانج لەم توێژینەوەیە دا ئەوەیە تیشك بخەینە سەر مێژوو و ڕۆڵی زانستیی قوتابخانە ی ڕوشدییەی ڕەواندز لە ژیانی زانستی شارەکە و دیاترین کێشەکانی لە شارەکەدا، کە سەرەرڕای ئەمەش نەوەیەکی نوێیان پێگەیاند، کە ئەم نەوەیە لەیەك کاتدا جگە لە زمانی دایك، ئەوا شارەزای زمانەکانی فارسی و عەرەبی و تورکی عوسمانیش بوو.

هەربۆیە گرنگترین پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیەشمان خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە ئەم قوتابخانەیە کەی و چۆن دامەزرا؟ دیارترین کێشەکانی ئەم قوتابخانەیە چیبوون؟

لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەش کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراون، ئەوا بریتین لە ئەرشیفەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە ( Devlet Arşivleri Başkanlığı Osmanlı Arşivi) کە ئەم ئەرشیفانە سەرچاوەی گرنگی توێژینەوەکەمان بوون و زانیاری وورد و نەبیستراویان لەبارەی ئەم بابەتەوە پێداین بەتایبەتی نووسراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 10، العدد 3(2024) ؛ عدد الصفحات (9)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v10n3y2024.pp61-69

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 28 آذار 2024؛ قُبل في 8 أيار 2024؛ نُشرت في 23 تموز 2024؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : bzhar.ahmed@hist.soran.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2024 بژار عوسمان ئەحمەد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

(DH.MKT.) هەروەها ئەرشیفەکانی خامەی خوێندنی سەرەتایی (MF.İBT.) . هەروەها ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی کە هەم ساڵنامەکانی ویلایەتی مووسڵ (موصل ویلایتی سالنامة رسمیسیدر، 1325، 1330، 1308 هـ ، موصل مطبعەسی) و ساڵنامەکانی وەزارەتی مەعاریف (سالنامة نظارت معارف عمومیة، برنجی، اکنجی، اوچنجی، دردنجی، التنجی سنة) کە دوو سەرچاوەی گرنگ و پڕ زانیاری ئەم توێژینەوەیە بوون، لەپاڵ ئەمەشدا وەقایعی دەوڵەتی عوسمانی (تقویم وقایع، في 21 / ذا (ذالحجة)، 1254، دفعة 176) کە ئەمانە سەرچاوەی گرنگی توێژینەوەکە بوون.

هەروەها گرنگترین ئەو توێژینەوانەی پێشوو کە سوودی زۆرمان لێ بینیووە، بریتین لە "مهدي محمد قادر، التعلیم في جنوب کوردستان في العهد العثماني 1869-1918، أربیل، مطبعة جامعة صلاح الدین، 2021"، هەروەها کتێبی"صالح محمد صالح، مێژوو و بیرەوەرییەکانی ڕواندز، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانێ، 2018"، کە دوو سەرچاوەی زۆر گرنگی ئەو بابەتەن و زانیاری پڕ بایەخ لەبارەی ڕۆڵ و پێگەی قوتابخانە ی ڕوشدییەی ڕەواندز دەخەنە بەردەستمان، هەروەها بەشێکیتر لەو نامە زانستیانەی کە زانیاریی گرنگ لەبارەی ئەم بابەتەوە تێدایە، بریتییە لە ماستەرنامە محمد احمد ابراهیم، تطور النظام العثماني في کردستان العراق، رسالأة ماجستیر، جامعة بیروت، 2013". هەروەها هەردوو تێزی دکتۆرا:

“DOĞANAY, Fatma KAYA. 2011. هەروەهاTanzimat’tan Cumhuriyete Rüşdiye Mektepleri, Doktora Tezi, Atatürk Üniversitesi ,Erzurum.” , “Rasoul, Muhammed Rasoul. History of Kirkuk from the Beginning of the Nineteenth Century until Becoming Part of the Iraqi Monarchy in 1925, PhD. University of Erfurt, Erfurt, 2017”.

نوێترین توێژینەوەی "موحەممەد گەلاڵەیی، ڕەوشی پەروەردە، قوتابخانە و مامۆستایان لە قەزای ڕواندز لە 1868-1916زدا بە پێی بەڵگەنامەکانی عوسمانی، گۆڤاری ئاژین، ژمارە (4)، 2023" ، "هێمن عومەر خۆشناو، قوتابیانی مەکتەبی ڕوشدییەی ڕواندز لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا، گۆڤاری ئاژین، ژمارە (1)، 2021" کە ئەوانیش باسی پێگەی قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز لە خزمەتی زانستی شارەکەدا دەکەن و زانیاری نوێیان پێدەدەن، بەڵام لەزۆربەی بابەتەکاندا داتای ورد وەکو پێویستمان ناخەنە بەردەست .

لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتوین بریتیە لەوەی کە قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز لە ساڵی 1868 زاینی بنیاتنراوە، هەر لەم ساڵەشەوە مامۆستا بۆ قوتابخانەکە دامەزرێنراوە و پێداویستییەکانی خوێندن بۆ ئەم قوتابخانەیە لەلایەن پەروەردەی مووسڵەوە دابینکراوە. هەروەها لەگەڵ ئەوەی چەندین مامۆستا بۆ قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز دامەزراوە، لەنێو ئەوانەشدا مامۆستا و زانایانی ئاینی شارەکەش وەکو مامۆستا لە قوتابخانەکەدا دامەزرێنراون. جگە لە هەبوونی مامۆستای زانستە جۆربەجۆرەکان، ئەوا مامۆستای وانەی خۆشنووسیش گرنگی پێدراوە.

لەگەڵ ئەمەشدا سەرەڕای هەبوونی یەکسانی لە پلەی زانستی مامۆستاکان، بەڵام جیاوازییەکی زۆر لە بڕی مووچەی مامۆستاکاندا هەبووە، بەتایبەتی لەنێوان مووچەی مامۆستایەکی نێو شارە گەورەکان بە بەراورد بە مووچەی مامۆستایانی شارە بچوکەکان.

قوتابیانی ڕوشدییەی ڕەواندز لەسەرەتادا چوار ساڵ دەیانخوێند، دواتریش بووە بە سێ ساڵ، لەماوەی ئەو سێ ساڵەی خوێندندا چەندین وانەی سەرکیی و گرنگیان خوێندووە، جگە لەمەش سیستەمی خوێندنی قوتابخانەکە وایکردووە جگە لە زمانی دایك، ئەوا فێری زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی ببن، شارەزایی تەواو لە بابەتەکانی زانستە ئیسلامییەکان و زانستی قورئان و خۆشنووسی و بابەتی ئەندازیاری فێرببن.

سەرەڕای هەبوونی قوتابخانەی ڕوشدییە، ئەوا مامۆستایانی ناودار و دەرسخانەی ناودار لە ڕەواندز و دەوروبەریدا هەبووە، بۆیە ئەمە وایکردووە زۆر جار باوکان منداڵەکانیان بۆ قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز نەنێرن، تەنانەت دەوڵەت مەترسی داخرانی قوتابخانەکەی هەبووە بەهۆی کەمبونەوەی ژمارەی قوتابیان .

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەك و دوو تەوەرەی سەرەکی پێکدێت، کە ئەوانیش دابەش دەبنە سەر چەند بابەتێك، لەوانە: لە دەروازە دا باسی ناوی ڕوشدییە و دامەزراندنی قوتابخانەکانی ڕوشدییە لە دەوڵەتی عوسمانیدا کراوە، هەروەها لە تەوەرەی یەکەمدا باسی دامەزراندن و چارەنووسی قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز و تایبەتمەندییەکانی قوتابخانەکە کراوە، هەرچی تەوەرەی دووەمیشە تایبەت کراوە بە کێشەکانی قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز، هەروەها بە خستنەڕووی چەند ئەنجامێك توێژینەوەیەکەشمان کۆتایی پێهێناوە.

**دەروازە: ناوی ڕوشدیە و دامەزراندنی قوتابخانەکانی ڕوشدیە لە دەوڵەتی عوسمانیدا**

لە سەردەمی تەنزیمات لەدەوڵەتی عوسمانی و لە کۆتاییەکانی حوکمڕانی سوڵتان مەحمودی دووەم (1808-1839)، بیرۆکەی دامەزراندنی قوتابخانەی ڕوشدییە دروستبوو، ئەگەرچی لەنێو سەرچاوەکاندا بۆچوونی جیاواز دەربارەی ساڵی دامەزراندنی یەکەم قوتابخانەی ڕوشدییە لە دەوڵەتی عوسمانیدا هەیە، هەندێك سەرچاوە پێیان وایە لە ساڵی 1838ز لە ئەستەنبوڵ بۆ یەکەمجار قوتابخانەی ڕوشدییە دامەزرێنراوە (بیات، 1994، 10)، هەندێکیتر ساڵی 1839 بە ساڵی دامەزراندنی یەکەم قوتابخانە ی ڕوشدییە لە ئەستەنبوڵ دادەنێن (TOONJİ, 2016, 34). هەروەها لە سەرچاوەکانیتردا ساڵی 1845 و ساڵی 1846 وەکو بۆچوونی جیاواز لەبارەی ساڵی دامەزراندنی یەکەم قوتابخانەی ڕوشدییە ئاماژەیان پێکراوە (قادر، 2020، 127). ئەوە ی جێگای ئاماژەیە لە ساڵی 1838ز ئەنجومەنی والای یاسا دادپەروەرییەکان (Meclis-i Vâlâ-ı Ahkâm-ı Adliye)، پێشنیازی دامەزراندنی قوتابخانەی ڕوشدییەیان بۆ سوڵتان مەحمودی دووەم کرد، ئەویش ڕەزامەندی نیشاندا و فەرمانی هومایۆنی بۆ دامەزراندنی وەزارەتی قوتابخانەی ڕوشدییە دەرکرد. لەم وەزارەتەشدا ئیمام زادە ئەسعەد ئەفەندی وەکو وەزیر و محەممەد لەتیف ئەفەندیش وەکو باشکیتاب دامەزرێنران، بەمەش بناغەی وەزراەتی پەروەردە لە دەوڵەتی عوسمانیدا دامەزرێنرا (DOĞANAY, 2011, 19). تەنانەت لە ڕێکەوتی 5 / شوبات / 1839 بەپێی لیستی فەرمانەکانی ڕۆژژمێری وەقایع (تقویم وقایع)ی دەوڵەتی عوسمانیدا فەرمانی دامەزراندنی قۆناغێکی نوێی قوتابخانەکان بەناونیشانی "قوتابخانەکانی پۆلی یەکەم (سەرەتایی) و قوتابخانەکانی پۆلی دووەم (ناوەندی)"دەرکرد (وقایع، 1254، 176)، کە ئەم قوتابخانانە لەتەنیشت مزگەوتەکانەوە هەبێت و ناوی لێنرا قوتابخانەکانی سوڵتانە مەزنەکان، بەڵام دواتر قوتابخانەکانی پۆلی دووەم (ناوەندی) لەلایەن سوڵتان مەحمودی دووەمەوە ناوی لێنرا "قوتابخانەی ڕوشدییە" ( .(DOĞANAY, 2011, 15-16ئەم قوتابخانە یە وەکو قۆناغی ناوەندی ئێستا وابوو، کە دەبوو لەدوای قۆناغی سەرەتاییەوە دەست پێبکات، ئەویش بەمەبەستی زیاتر ئامادەکردی فێرخوازان بۆ خوێندنی ئاستی بەرزتر، سەرئەنجام وەزارەتی قوتابخانەی ڕوشدییە دامەزرێنرا، دواتر لە ساڵی 1845ز لەسەردەمی سوڵتان عەبدولمەجید دا (1839-1861) پێشنیازیکرد بە بەکارهێنانی سیستەمێکی نوێی خوێندن لەسەر شێوازی سیستەمی خوێندنی ئەوروپی بە سێ

قۆناغی جیاواز (سەرەتایی، ناوەندی، دارولفنون "زانکۆ") دابمەزرێنرێت. هەربۆیە بە پێی نیزامنامەی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی 1847زاینی یەکەم قوتابخانەی ڕوشدیەی داود پاشا کرایەوە ( ÖZTÜRK, 2008, 300 ; Bakr, 2015, 56.) بەپێی مادده ی 18 ، کە دەڵێت:

"ئەگەر هەر شارێك دانیشتوانەکەی زیاتر لە 500 ماڵ بوو، وە ئەگەر بەتەنها موسڵمان یان بە تەنها مەسیحی بوو، ئەوا قوتابخانەیەکی ڕوشدییەیان بۆ دەکرێتەوە، ئەگەریش لە شارێکدا موسڵمان و مەسیحی تێکەلاوبوون، بۆ هەر یەکیان قوتابخانە یەکی ڕوشدیە دەکرێتەوە، بەشێوەیەك ئەگەر لەو شارانەی کە موسڵمان و مەسیحی تێکەڵ بوون، ئەگەر هەرکام گروپ لە 100 ماڵ زیاتر بوون، ئەوا قوتابخانەی ڕوشدیە بۆ ئەو لایەنە دەکرێتەوە. هەروەها وانەی ئاین لەو کۆمەڵگایەدا بەزمانی کۆمەڵگایەکە دەگوترێتەوە، بۆ منداڵانی نا موسڵمانیش (منداڵانی مەسیحی و جولەکە)، ئەوا وانەکانی ئایین لە چوارچێوەی ئەو پرۆگرامانەدا ئەبێت کە گەورەکانی ئەم ئاینزایە دایانناوە و جێگیریان کردووە (Bakr, 2015, 56).

لەهەمان کاتدا خوێندن لە قوتابخانەی ڕوشدییەدا چوار ساڵە، چونکە چوار پۆل هەبوو (BOA. MF.İBT. 00044.00012.001)، بەڵام لە ساڵانی دواتردا دەبینین بووە بە سێ ساڵ (BOA. MF. İBT. 00408.00020.001). هەروەها خودی قوتابخانەکانی ڕوشدیە لەگەڵ قوتابخانەکانی ئامادەیی وابەستەکراوە (قادر، 2021، 143)، لەکاتێکدا خوێندن لە قوتابخانەی سەرەتایی تەنها بۆ ماوەی شەش ساڵ بووە (قادر، 2021، 145).

سەبارەت بە مانای وشەی ڕوشدیە، ئەوا چەند بۆچوونێك هەیە، یەکێك لەوانە بەمانای دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست دێت، مانایەکی تریش بەمانای کەسێکی ژیر و پاك و خاوێن و خاوەن بیرکردنەوەی ڕاست دێت، هەروەها بەمانای کەسی پێگەیشتوو (بالغ – بلوغ) دێت .(DOĞANAY, 2011, 15) بۆچوونێکیش هەیە کە پێی وایە ناوی ڕوشدیە لە وشەی (الرشد)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە و بەمانای ژیری یاخود تەمەنی ژیری دێت (هەروتی، 2023، 165)، بەڵام لە ناو دەوڵەتی عوسمانی بۆ قۆناغی خوێندنی دوای خوێندنی سەرەتایی بەکاردەهات (Yeni Turkce Lugat, 354) کە ئەویش بۆ ماوەی سێ ساڵ بوو، هەروەها قوتابخانەی سەرەتاییش پێی دەگووترا مەکتەبی ئیبتدائی (ابتدائی متکبی) (هەروتی، 2023، 165) .

پێدەچێت بەکارهێنانی وشەی ڕوشدیە بگەڕێتەوە بۆ تەمەنی فێرخوازەکان، کە لە قۆناغی پێگەیشتندان، بەتایبەتی لەدوای تەواوکردنی قۆناغی سەرەتاییدا، ئەوا دەگەن بە قۆناغی ناوەندی و تەمەنی فێرخوازەکانیش دەگاتە ئاستی پێگەیشتویی. لەگەڵ ئەمانەشدا فەرید دەڤەللی ئۆغلۆ ئاماژە بۆ وشەی ڕوشدیە و ڕوشد دەکات و کە پێی وایە ئەمە قۆناغی ناوەندی خوێندنە و ڕێك بریتییە لە تەمەنی پێگەیشتن (بالغ بوون) (Devellioğlu, 2003, 902)، تەنانەت قاموسی شەمسەدین سامیش ئاماژە بەهەمان ووشە دەکات کە پێی وایە بۆ ئەو قۆناغەی خوێندن بەکاردێت لە نێوان قۆناغی بنەڕەتی و قۆناغی ئامادەییدا هەیە (واتە قۆناغی ناوەندی)، هەروەها شیکردنەوە ی بۆ وشەی ڕوشدی (رشدی) کردووە و یەکێك لەماناکانیشی بە مانای هەرزەکار (بالغ) پیشانداوە (سامی، 1315، 664)، کەواتە ئەم مانایە دەکرێ بەپێی ڕەچاوکردنی تەمەنی فێرخوازەکەوە بووبێت.

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە وشەی ڕوشدیە دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی منداڵان کە لەوکاتیدا لە قۆناغی گورج و گۆڵی و چالاکی و قۆناغی پێگەیشتن و سەرەتای دەرکەوتنی هێز و توانایدان، خودی دامەزراندنی ئەم قوتابخانانەش لەسەر بنەمای نوێگەری و لاساییکردنەوەی سیستەمی خوێندنی ئەوروپی و دانانی سیستەمی خوێندن و تەواوکردنی بە سێ قۆناغی تەواوکاری یەکتری درووست بووە، هەروەها ئەگەرچی پێشنیازی دامەزراندنی ئەم قوتابخانەیە لە ساڵی 1838 بووە و لەساڵی 1839 لە وەقایعی دەوڵەتی عوسمانیدا جێگیرکراوە، بەڵام یەکەمین قوتابخانەی ڕوشدییە لە شاری ئەستەنبوڵ لە ساڵی 1846 کراوەتەوە.

## تەوەرەی یەکەم
## دامەزراندن و چارەنووسی قوتابخانەی ڕوشدیەی ڕەواندز و تایبەتمەندییەکانی قوتابخانەکە

### یەکەم: دامەزراندنی قوتابخانەی ڕوشدیەی ڕەواندز

لەدوای دامەزراندنی قوتابخانەکانی ڕوشدیە لە زۆربەی شارەکانی دەوڵەتی عوسمانی، دەبینین ئەم جۆرە قوتابخانەیە لە ڕەواندزیش درووستکرا، چونکە لەدوای دامەزراندنی ئەم قوتابخانەیە، هەروەکو چۆن خوێندنی قوتابخانە ئاینییەکان و زانستە شەرعییەکان هەبوو، بەهەمانشێوە خوێندنی قوتابخانەی مەدەنی یاخود گشتی لە شاری ڕەواندز لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە درووستکرا (گەلاڵەیی، 2016، 191)، کە ئەویش خۆی دەبینییەوە لە دامەزراندنی قوتابخانەی ڕوشدییە لە ڕەواندز،کە لە ساڵی 1868 زاینی قوتابخانەی تێدا دامەزرێنرا، لەکاتێکدا هەندێك سەرچاوە پێیان وایە قوتابخانەی ڕوشدییە ی ڕەواندز لە ساڵی 1873 زاینی بنیاتنراوە، کە ئەوکاتە ڕەواندز قەزایەك بووە سەر لە لیوای کەرکوك (شارەزوور) لە ویلایەتی بەغدا (کۆثراوغلو، 2016، 93 ؛ قادر، 2021، 146). هەندێ سەرچاوەیتر ساڵی دامەزراندنی ئەم قوتابخانەیە بە ساڵی 1889 زاینی لەقەڵەم داوە (صالح، 2018، 294) .

بۆچوونی تریش هەیە ساڵی دامەزراندنی ئەم قوتابخانەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی 1872 زاینی .(DOĞANAY, 2011, 194) بۆچوونیتر هەیە ساڵی دامەزراندنی قوتابخانە ی ڕوشدیەی ڕەواندز بە ساڵی 1890زاینی هەژمارکردووە، لەگەڵ ئەمەشدا ژێدەرێك ساڵی دامەزراندنی ڕوشدیەی ڕەواندزی بۆ ڕێکەوتی 6/ ربیع الاخر/ 1289 کۆچی، 1872/6/13 زاینی دەگەڕێنێتەوە (خۆشناو، 2021، 139) .

ژێدەرێك زیاتر لەهەموو بۆچوونەکان نزیکتر لە ڕاستی، کە ئەویش ساڵی دامەزراندنی قوتابخانەکە بە ساڵی 1868 زاینی دادەنێت، واتە ڕێك لە پێش ڕێکەوتی 30 / 8/ 1868 زاینی ئەم قوتابخانەیە دامەزرێنراوە، چونکە لە نوسراوێکی تۆمارە گرنگەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی عوسمانی بۆ وەزارەتی پەروەردە (مەعاریفی گشتی) نێردراوە کە تیایدا فەرمانی پێکردوون پەرتووك و پەیامی پەروەردەیی تایبەت بە قوتابخانەکان بۆ ڕەواندز بنێرن (گەلاڵەیی، 2023، 94-95).

هەمان ئەم بۆچوونەی سەرەوەش لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیشدا پشتڕاست کراوەتەوە، ڕێك لە ڕێکەوتی 11/ جماد الاخر/ 1285 کۆچی ، 1868/8/29 زاینی فەرمانێك کراوە، کە تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کاروباری دامەزراندنی قوتابخانەی ڕوشدیەی ڕەواندز کۆتایی پێهاتووە و فەرمان بە وەزارەتی پەروەردە کراوە پەرتووك و پەیامی پەروەردەیی تایبەت بە قوتابخانەکان بۆ قوتابخانەی ڕوشدیەی ڕەواندز بنێرن

[1].(BOA. A. MKT. MHM. 00422. 00008.001)

لەدواتریشدا لە ڕێکەوتی 4/ شعبان/ 1285 کۆچی، 1868/11/20 زایینی یەکەم مامۆستا بۆ ئەم قوتابخانەیە بەناوی خەتیبزادە ئیبراهیم ئەفەندی دامەزرێنراوە (BOA. A. MKT. MHM. 00427. 00010. 001).ئەوەی جێگای سەرنجە، خودی دامەزراندنی ئەم قوتابخانەیە بەشێکی بەهۆی بەخشینی هاوکارییەکانی خەڵکی شارەکەوە بووە بۆ بنیاتنانی قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز، کە بەشێك لەوانەی هاوکاری دارییان پێشکەش کردووە، ئەمانەن: ئیبراهیم، ئەحمەد عەبدە، خالید حوسێن، محەممەد ساڵح، عوسمان عەتا، عەزیز عەبدوڵلا، حوسێن، وەلید، قائیمقام: سەیید مستەفا (BOA. A. MKT. MHM. 00427. 00010. 005).

ئەوەی جێگای سەرنجە هاوکاری دەسەلاتداران و خەڵکی کوردستان بۆ خزمەتی زانست پێشینەیەکی لەمێژینەیی هەیە، بۆنموونە، میرانی میرنشینی سۆران هاوکاری داراییان بۆ خزمەتی زانست پێشکەش کردووە، هەروەکو خانزاد خاتون لە ساڵی 1070ك/ 1659ز کتێبخانەیەك و مەدرەسەیەکی بەناوی خۆی کردۆتەوە و هاوکاری دارایی مەدرەسە و کتێبخانەکەی کردووە، ئەم ڕاستییەش محەممەد عەلی قەرەداغی بە سوودوەرگرتن لە دەستنووسێکدا بە ژمارە (20278) لە "دار صدام للمخطوطات" ئاماژەی بۆ کردووە (قەرەداغی، 1998، 85). تەنانەت خانزاد خاتوون لەگەڵ گرتنە دەستی دەسەڵات، ئەوا چەند مزگەوتێکیشی ئاوەدان کردۆتەوە (هەروتی، 2018، 90). لەگەڵ ئەمانەشدا لە نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێردا، لەلایەن خەڵکی شاری هەولێرەوە پارە بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر کۆکراوەتەوە، تەنانەت دەبینین ئەو بڕە پارەیە زیاد بووە و قوتابخانەیەکی تریش بۆ خوێندنی سەرەتایی (صبیان مکتبی) لەتەنیشت قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر دروستکراوە، ئەویش زیاتر بەهۆی بەخشینی پارە لەلایەن هاوڵاتیانی شارەکە و فەرمانبەرانی شاری هەولێر بووە .(BOA. DH. MKT. 02433.00080. 001) ئەم ڕاستییەش لە نامەیەکی وەزیری ناوخۆ، کە لە ڕێکەوتی 1902/12/18 زایینی بۆ وەزارەتی پەروەردەی دەوڵەتی عوسمانی ناردووە بەدیاردەکەوێت (BOA. MF. MKT. 00541. 00016. 001) .

ئەوەی بۆمان دەردەکەوێت قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز بەهاوکاری خەڵکی شارەکە و پاڵپشتی قایمقامی ڕەواندز دروستکراوە، ئەویش لەدوای دامەزراندنی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر دامەزرێنراوە، چونکە قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز لە کۆتایی ساڵی 1868 کارەکانی تەواو کراوە.

لەسەروبەندی بنیاتنانی قوتابخانەی ڕوشدییە لە شاری ڕەواندزدا، ئەوا شارەکە قەزایەك بوو سەر بە لیوای کەرکوك (شارەزور) لە ویلایەتی بەغدا (قادر، 2021، 146)، هەروەکو لە ساڵنامەی ویلایەتی بەغدای دەوڵەتی عوسمانی ساڵی 1875 ئاماژە بە قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز کراوە، ئەوکاتە ڕەواندز سەر بە ویلایەتی بەغدا بووە (سالنامة بعداد، 1292، 92)[2]، بەڵام لە ساڵانی دواتردا، ڕێك لە ساڵانی 1884-1885زایینی دا، قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز خرایە سەر ویلایەتی مووسڵ، چونکە شارەکەش ببوە قەزایەك سەر بە ویلایەتی مووسڵ.(DOĞANAY, 2011, 194)

## دووەم: تایبەتمەندییەکانی قوتابخانەی ڕوشدییە:

ئەگەرچی لە شاری ڕەواندز هەر لەسەردەمی فەرمانڕەوایی میرنشینی سۆران لەشارەکە لە قۆناغەکانی دواتریشدا، لایەنی زانستی و ڕۆشنبیری لەو شارەدا لە بەردەوامی دابووە[3]، بەشێوەیەك خوێندنی نافەرمی یاخود بە شێوازێکیتر بلێین خوێندن لە حوجرە و مزگەوتەکاندا بەردەوامیان هەبووە، بەڵام ئەوەی تایبەتمەندی قوتابخانەی ڕوشدییە لە قوتابخانەکانی تر جیادەکاتەوە، ئەوەیە لەدوای دەرچوون لە قوتابخانەی ڕوشدییە و تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی، ئەوا دەرچوانی ئامادەیی، کە لە قوتابخانەکانی ڕوشدییە خوێندوویانە دەتوانن وەکو مامۆستا دابمەزرێن لەهەمان قوتابخانەکانی ڕوشدییە، چونکە وەزارەتی پەروەردە (وەزارەتی مەعاریف) خانەی مامۆستایان (دارالمعلمین)ی دروستکرد، کە ئەویش لە سێ بەش پێکدەهات، قوتابخانەی سەرەتایی، قوتابخانەی ڕوشدییە (ناوەندی)، قوتابخانەی ئامادەیی. هەروەها دەرچوانی قوتابخانەی ڕوشدییە دەبوونە پسپۆڕ و مامۆستای وانەکانی قوتابخانەی ڕوشدییە، هەرچەندە لەسەرەتادا لە ویلایەتی مووسڵ و بەغدا دەرچوانی ئەم قوتابخانانە نەبوون، هەربۆیە پشتیان بە مامۆستایانی ئەستەنبۆڵ و شارەکانیتری دەوڵەتی عوسمانی دەبەست (بیات، 1994، 11). وانەکانی ئەم قوتابخانەیەش ئەوکاتی بریتی بوون لە؛ نەحو، صرف، عەرەبی، جوگرافیا، حیساب "بیرکاری (Rasoul, 2017, 64) "هەروەها سودییان لە مامۆستایانی ئاینی شار و ناوچەکەدا دەبینی(بیات، 1994، 11). بۆنموونە، یەکێك لەو مامۆستایانەی لە شاری ڕەواندز کە هەم مامۆستای ئاینی بوو هەمیش وەکو مامۆستای قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز دامەزرێنرا، کە ئەویش مەلا ئەسعەدی کوڕی مەلا عومەر[4] بوو. ناوبراو یەکێك بوو لە زانا ناودارەکانی شاری ڕەواندز و لە خێزانێکی

[1]بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە یەك.

[2] بۆ بینینی وێنەی ڕووپەڵی ساڵنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە دوو.

[3]بۆ نموونە: لەپاڵ هەبوونی قوتابخانەی ڕوشدییە و حوجرەی ئاینی لە شاری ڕەواندز، ئەوا دوو کتێبخانەش لە شارەکەدا بوونی هەبووە، لەوانە کتێبخانەی کورد محەممەد پاشا لە گەڕەکی سەرا، هەروەها کتێبخانەی پاشا لە شەقامی نوعمانییە (سالنامة نظارة المعارف 1317 ، 1418)، بەڵام لە ساڵنامەیەکیتری پەروەردە (معارف) ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کتێبخانەی کورد محەممەد پاشا لە گەڕەکی بازاڕ (چارشو محلەسی)یە، پێدەچێت لەو سەردەمیدا ناوی گەڕەکەکە گۆڕابێت (سالنامة نظارت معارف عمومیة، 1318، 2584). ئەوەی شایەنی باس بێت لە ساڵانی 1901-1902، کتێبخانەی محەممەد پاشا 4000 کتێبی تێدا هەبووە (سالنامة نظارت معارف عمومیة، 1319، 921)., هەروەها کتێبخانەی پاشا لە شەقامی نوعمانییە 3000 کتێبی تێدابووە، هەر بەپێی هەمان سەرچاوە لە ساڵی 1300 کۆچی، 1883 زایینی دروستکراوە (سالنامة نظارت معارف عمومیة، 1321هـ ، 686).

[4] مەلا ئەسعەدی کوڕی مەلا عومەر، لە ساڵی 1850 زایینی لە شاری ڕەواندز لەدایکبووە، لەساڵی 1858 دەچێتە بەرخوێندن و لەبەر زیرەکی بە ماوەیەکی کەم خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکات، دواتریش بووەتە مستەعید و دواتریش بۆماوەی چوار ساڵ وەکو مامۆستایەکی سەرەتایی لە مزگەوتی گەورەی قەڵات لە ڕەواندز پێشنوێژی بۆ خەڵکی دەکات. ئەو مامۆستایە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ شێخ حیسامەدینی نەقشبەندی – هەورامان هەبووە، لەسەردەمی ئەودا قوتابی لەناوچەکانی عەرەب و تورك و فارس نشین هاتونەتە ڕەواندز و لە دەرسخانەی ڕەواندز وانەیان خوێندووە، لە ساڵی 1916 زایینی ڕۆڵێکی بەرچاوی لەهاندانی خەڵك لەدژی ڕووسەکان و دەرکردنیان لەشارەکە هەبووە، دواتر چوەتە ناوچەی باڵەکایەتی و لەوێ مامۆستا بووە، تاکو لە ساڵی 1923 سەیید تەهای نەهری کاتێك بووە قایمقامی ڕەواندز، ئەوا

ناوداری زانستیی ڕەواندز گەورە بووە و کوڕی مەلا عومەر بووە و لە مزگەوت و دەرسخانەی ئەوکاتی ڕەواندز پێگیشتووە، لە مزگەوتی گەورەی ڕەواندز دا وتارخوێن بووە و پێشنوێژی بۆ خەڵکی شارەکە کردووە (صالح، 2018، 80-82). ماوەیەکیش لە قوتابخانەی ڕوشدییە دەبێتە مامۆستا و دەرس دەڵێتەوە، بەڵام بەگشتی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا توشی چەند کێشە و گرفت دەبێت، لە دیارترینیاندا بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە گوایە سیخوڕی بۆ دەوڵەتی قاجار کردووە (BOA. BEO.02955.21559.001).

دواتر لە ساڵی 1909 وەزارەتی پەروەردە بڕیارێکی دەرکرد کە دەرچوانی ناوەندی ئەوانەی لە قۆناغی ناوەندیدا لە قوتابخانەی ڕوشدییە خوێندویانە، دوای ساڵێك لە ئەزمون لە قوتابخانەی ڕوشدییە، ئەوا دەتوانن لە قوتابخانەکانی ڕوشدییە دابمەزرێن، بەمەش زیاتر دەرفەتی کارکردنی مامۆستایانی ئاینی لەم قوتابخانەیە کەمتربۆوە و دەرفەتی زیاتر بۆ دەرچوانی قوتابخانەکە ڕەخسێنرا (بیات، 1994، 11).

**سێیەم: چارنووسی قوتابخانەکە**

ئەگەرچی لە ساڵنامە و بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ئاماژە بە چارەنووسی قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز نەکراوە، بەڵام بەپێی ساڵنامەکان تاکو ساڵی 1912 زاینی لە خزمەتکردنی زانستی بەردەوامبووە (قادر، 2021، 148)، بەڵام سەرچاوەیتر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەم قوتابخانەیە تاکو ساڵی 1913 لە خزمەتکردنی ژیانی زانستی شارەکەدا بەردەوامبوو (صالح، 2018، 294)، تەنانەت بەڵگەنامەکانی عوسمانیش پیشانمان دەدەن تاکو ساڵی 1913 ڕاپۆرتی ئەم قوتابخانەیە بۆ پەروەردەی ویلایەتی مووسڵ ڕۆیشتووە، ئەویش لەبارە ی ژمارەی قوتابیان لە قوتابخانەی ڕوشدییە و دەوامکردنیان لە قوتابخانەکەدا بووە، خودی ڕاپۆرتێکەش لە ڕێکەوتی 24/ شعبان/ 1331 کۆچی ، 1913/7/29 زاینی لە قوتابخانەی ڕوشدیەوە بۆ پەروەردەی ویلایەتی موسڵ نێردراوە.(BOA. MF. İBT. 00444.00234.001)

هەروەها ئەوکاتەی شاری ڕەواندزلە ساڵی 1916 دووچاری هەڵمەتی ڕوسییەکان بوویەوە، ئەوا، ئەم شارە زۆربەی خانو و شوێن و فەرمانگەکانی بە کتێبخانە و قوتابخانەوە سوتێنرا، بێگومان یەکێکیش لەوانە قوتابخانەی ڕوشدییە بوو (قادر، 2021، 148). لەدواتردا لە شوێنی ئەم قوتابخانەیەدا لە ساڵی 1918 تاکو ساڵی 1923 قوتابخانەیەکیتر لە شاری ڕەواندز دروستکرا، کە تیایدا خوێندن بە زمانی عەرەبی بوو (صالح، 2018، 294) .

## تەوەرەی دووەم
## کێشەکانی قوتابخانەی ڕوشدیەی ڕەواندز

**یەکەم: کەمبوونەوەی ڕێژەی قوتابیان:**

ئەم قوتابخانەیە لەسەرەتای دامەزراندنییەوە دووچاری چەندین کێشە و کەموکورتی بویەوە، کە لە دیارترینیان کەمبوونەوەی ڕێژەی قوتابیانی قوتابخانەکە بووە، بەتایبەتی لەدوای 11 ساڵ لە دامەزراندنی و ڕێك لە ساڵی 1879 زاینی، ژمارەی قوتابیان نەدەگەیشتە ئاستی پێویست، لەکاتێکدا دەبوو چوار پۆل قوتابی هەبێت، بەڵام تەنها دوو پۆل قوتابی هەبوو، هەربۆیە هەوڵدراوە هانی خەڵك بدرێ بۆ خوێندن لەو قوتابخانەیە، سەرەڕای ئەمەش ئەم کەموکوڕییە دەکرێ لە مامۆستایانی قوتابخانەکەدا بەدی بکەین، چونکە بەپێی نووسراوێك کە بۆ ویلایەی بەغدا نێردراوە، ئەوا تاکو تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ لە ڕێکەوتی 21/ محرم/1296 کۆچی، 15/ 1/ 1879 زاینی خشتەی تاقیکردنەوەکان نەنێردراوە( .BOA. MF. MKT. 00059 .00116. 001).

هۆکاری بەشداری نەکردنی قوتابیان و هۆکاری ئەو کێشانەی دووچاری قوتابخانەکە بۆتەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕێگاوبانی گونجاو لە نێوان ڕەواندز و گوندەکانی دەوروبەری وەکو پێویست نەبووە، هەروەها بەدرێژایی ماوەی حوکمڕانی عوسمانی لەناوچەکەدا ڕێگاوبانی ناوچەکە و ئەو ڕێگایانەی ڕەواندز بە شار و ناوچەکانی تر دەبەستێتەوە لەوپەڕی خراپیدابووە، بەتایبەتی ڕێگای نێوان ناحییەکان و قەزای رەواندز لەگەڵ قەزای ڕەواندز لەگەڵ شارەکانیتری وەکو هەولێر و مووسڵ و بەغدا ئاسان نەبووە (گەلاڵەیی، 2023، 95-96).

**دووەم: مووچە و کێشەکانی تری مامۆستایانی قوتابخانەکە**

لە سیستەمی خوێندنی دەوڵەتی عوسمانیدا، مامۆستایان پێیان دەگوترا موعەلیم (معلم)، هەروەها موچەکەیان سنوورداربوو، واتە لە بڕێکی دیاریکراو زیاتر تێنەدەپە ڕی(Bakr, 2015, 58) ، لەگەڵ ئەمەشدا پێنەدانی مووچە بە مامۆستایانی ڕەواندز و درەنگ گەیشتنی مووچەی مامۆستایانی قوتابخانەکە یەکێکی تر بووە لەو گرفتانەی کە بۆ مامۆستایانی قوتابخەی ڕوشدییەی ڕەواندز درووستبووە، هەربۆیە لە بەڵگەنامە یەکی عوسمانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات مووچەیان پێبدرێت، چونکە دووچاری بارودۆخێکی خراپ بوون، لەکاتێکدا مووچەی مامۆستایانی قوتابخانەکانی ڕوشدییە لە شار و ناوچەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی وەکو پێویست دراوە، بەڵام مووچەی مامۆستایانی ڕوشدییەی ڕەواند لەبەر ئەوەی لەکات و شوێنی خۆیدا پێیان نەدراوە ئەوا نیگەران بوونە، هەربۆیە دادگا هاتۆتە ناو ئەم بابەتەوە .BOA. MF. MKT) .00045. 00142. 001)

ئەمەش دەریدەخات کە مامۆستایانی ڕوشدییەی ڕەواندز کێشەی گەیشتن و دواکەوتنی مووچەشیان بۆ درووستبووە. لەگەڵ ئەمەشدا کەمی ژمارەی مامۆستایان و نەچوونیان بۆ ڕوشدییەی ڕەواندز یەکێکی تر بووە لەو کێشانەی لەو قوتابخانەیەدا هەبووە، بەتایبەتی درەنگ گەیشتنی مووچەی مامۆستایانی قوتابخانەکە لە بەڵگەنامە یەکی عوسمانیدا بەدەردەکەوێت، کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات مامۆستایانی ڕوشدییەی ڕەواندز مووچەیان پێبدرێت، هەروەکو بەڵگەنامەکە دەڵێت:

"بۆ ویلایەتی بەغدای پایەبەرز.. ئەو تەلەگرافنامەیەی لە مامۆستایانی قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز سەبارەت بە نەهاتنی مووچەیان بۆ ئێمە نێردرابوو، ناوبراوان مووچەیان پێنەدراوە و دووچاری بارودۆخێکی خراپ بوون، لەکاتێکدا مووچەی مامۆستایانی قوتابخانەکانی تری ڕوشدییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەکاتی خۆیدا دراوە،

بەڵام مووچەی ئەوان لەبەر ئەوەی لەکات و شوێنی خۆیدا پێیان نەدراوە ئەوا نیگەران بوون، هەربۆیە دادگا هاتۆتە ناو ئەم بابەتەوە، هەروەها ئەنجومەنی والای عوسمانی و دەوڵەتی خەلافەت و ئەنجومەنی پەروەردەی ویلایەت ئاگادارکراوەتەوە کە وەڵامی داواکاری مامۆستایان بدرێتەوە و مووچەکەیان پێبدرێت. ئەم بابەتەش لەلایەن وەزارەتەوە بنێراوە" (BOA. MF. MKT. 00045. 00142. 001).

ئەمەش دەریدەخات کە مامۆستایانی ڕوشدییەی ڕەواندز کێشەی گەیشتن و دواکەوتنی مووچەشیان بۆ درووستبووە. ئەم کێشەیەش تاکو کۆتاییەکانی سەدەی 19ی زاینی بەردەوام بووە، ئەمەش بەپێی تەلەگرافنامەیەکی والی ویلایەتی مووسڵ بەناوی (عەزیز) کە بۆ وەزارەتی پەروەردە (معاریف) ناردووە، تیایدا داوای کردووە وەڵامی نوسراوەکەیان لەبارەی مووچەی مامۆستایانی ڕەواندز بدرێتەوە، خودی تەلەگرافنامەکەش لە ڕێکەوتی 27/ 1893/11 بۆ ئەستەنبۆڵیان ناردووە (گەڵاڵەیی، 2023، 97).

هەروەها یەکێکی تر لە کێشەکانی ئەو قوتابخانەیە، ئەوا مامۆستای زیرەك و بە ئەزموونیان نەبووە، هەربۆیە لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا ئاماژە بۆ گۆڕینی مامۆستایانی قوتابخانەی ڕەواندز کراوە، ئەویش لە پاڵ گۆڕانکاری و چاکسازی لە ناو مامۆستایانی ڕوشدییەکانی تری هەولێر و سلێمانیدا(BOA. MF. İBT. 00013)

لە پاڵ هەموو ئەمانەشدا زۆربەی مامۆستایانی ئەوکاتە، لەناو ئەوانیشدا مامۆستایانی ڕوشدییەی ڕەواندز، بڕوانامەی بەرز، یاخود بڕوانامەی دارالفنون نەبووە، کە ئەمەش یەکێکی تر بووە لە کێشەکانی ئەم قوتابخانەیە، لەلایەکیتریش هەروەکو لە پێشتردا ئاماژەمان پێکرد بەهۆی دوورەدەستی شاری ڕەواندز لە شارەکانیترەوە، ئەوا هەموو کەسێك نەیویستووە بچێتە ڕەواندز و لەوێ خزمەت بکات، ئەمەش خراپی ڕێگاوبان و دووری لە شارە گەورەکانی ئەوکاتی هۆکاری ئەمە بوون، هەروەها ئەوکاتە بەهۆی ڕووخانی میرنشینی سۆران و مەترسی سەرهەڵنەدانەوەی جوڵانەوەیەکیتری سەربازی لەناوچەکەدا، هەمیشە ناوچەکە لەلایەن عوسمانیەکانەوە وەکو قەڵایەکی سەربازی سە یرکراوە، سەرەڕای ئەمەش جگە لە هەبوونی قوتابخانەی ڕوشدییە، ئەوا قوتابخانەی ئاینی و زانای ئاینی ناودار لەناوچەکەدا بوونی هەبووە، هەموو ئەمانەش وایکردووە قوتابی کەمتر بۆ ئەم جۆرە قوتابخانانەی دەوڵەتی عوسمانی بچێت و خەڵکی زیاتر ڕوویان لە قوتابخانە ئاینییەکان کردووە (گەڵاڵەیی، 2023، 98)، چونکە لەسەرەتای بنیاتنانی قوتابخانەکانی ڕوشدییە لەدەرەوەی ئەستەنبۆڵ، واتە لە قەزا و سەنجاق و ویلایەتەکانیتریش دا، ئەوا مامۆستایانیش یەکێك بوونە لە پێداویستییەکانی تەواوکردنی پرۆسەی فێرکردن، بۆیە چەندین مامۆستا دامەزرێنراون و بڕی موچەکەشیان لەناوچە یەکەوە بۆناوچەیەکیتر دەگۆڕدرا (BOA. MF. MKT. 00098. 00007.001) .

جیاوازی بڕی مووچەی مامۆستایانی ڕوشدییەی ڕەواندز بە بەراورد بە قوتابخانە ڕوشدییەکانیتری دەوڵەتی عوسمانی یەکێکی تر بووە لە کێشەکانی مامۆستایانی ئەم قوتابخانەیە، کە لەسەرەتای بنیاتنانی قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندزیش، ژمارەی مامۆستا بۆ سەرجەم وانەکان وەکو پێویست نەبوو، بەتایبەتیش ئەوکاتی ژمارەی قوتابیانیش کەمبوو، لەوکاتەدا مامۆستای پلە یەك و مامۆستای پلە دوو هەبوون، هەروەها لە هەندێ قوتابخانەکانی تری ویلایەتی مووسڵ و ویلایەتەکانیتری دەوڵەتی عوسمانیدا مامۆستای پلە سێش هەبوو، ئەم پلە زانستیيانەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بڕی مووچەی مامۆستایەکان هەبووە، چونکە بۆ بەرزبوونەوەی پلەی زانستی مامۆستا و بەرزکردنەوەی بڕی مووچەکەی، ئەوا پێویستبوو مامۆستا تاقیکردنەوەی توانستی زانستی ئەنجام بدات، ئینجا پلەبەرزکردنەوەی لە مامۆستای پلە دوو بۆ مامۆستای پلە یەك بۆ بکرێت، کە بۆ ئەمەش پێویستبوو مامۆستا تاقیکردنەوەی توانستی زانستی ئەنجام بدات، هەروەکو لەساڵی 1896 زاینی، یەکێك لە خەتیزادەکان (نەوەکانی مەلای خەتێ) بە ناوی محەممەد عارف ئەفەندی وەکو مامۆستا لە قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز دابمەزرێنرێت و بکرێتە مامۆستای پلە یەك، چونکە لە تاقیکردنەوەکانی توانستی زانستی دەرچووە شایستەی وانەگووتنەوەبووە (BOA. MF. MKT. 00360. 00013. 001). تەنانەت بەشداریکردن لەمجۆرە تاقیکردنەوانەش، بۆ دوومەبەست بوون، لەوانە: یەکەمیان: هەندێجار بەمەبەستی دامەزراندن، دووەمیان: لە پێناوی گۆڕینی پلەی مامۆستایەتییەکەیە، کە لە مامۆستای پلە دووەوە ببێتە مامۆستای پلە یەك، ئەوەش لە پێناوی بەرزبوونەوەی بڕی مووچەکە ی بووە(BOA. MF.İBT. 00020.00006.001) ، چونکە مووچەی مامۆستایانی ڕوشدییە هەمووی وەکو یەکتری نەبووە، ئەگەرچی مامۆستایانی دامەزراو لەناوچەکانی دوور لە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی و لەناو خودی شاری ئەستەنبۆڵیش، ئەوا مامۆستای پلە یەك، بڕی 800 قروش مووچەیان پێدەدرا (MF. MKT. 00098. 00007.001)، بەڵام لە قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز بەرزترین مووچەی مامۆستای پلە یەك لە 540 تاکو 600 قروش زیاتر تێنەدەپەڕی (BOA. MF. İBT. 00129.00029.001).

ئەمەش دەریدەخات یەکسانی لە بڕی مووچەی مامۆستایانی قوتابخانەکانی ڕوشدییە لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا نەبووە، لەکاتێکدا مامۆستا لە هەمان پلەی زانستیدا بووە، چونکە مووچەی مامۆستایانی قوتابخانەکانی هەولێر و سلێمانییش لە هی ڕەواندز زیاتر بووە(BOA. MF. MKT. 00914. 00008.001)

جیاوازی لە مووچەی مامۆستایان بەشێوەیەکی زۆر هەبووە، هەر لە قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندزدا مامۆستای تر هەبووە مووچەکەی زۆر کەمتربووە لەو بڕە پارەیە ی کە مامۆستای پلە یەك لە قوتابخانەکەدا وەریانگرتووە، بۆنموونە: لە ساڵی 1905 زاینی کەسێك بەناوی محەممەد تاهیر ئەفەندی وەکو مامۆستای یاریدەر لە قوتابخانەی ڕوشدییە ی ڕەواندز بە مووچەی 180 قروش دامەزرێنراوە ( BOA. MF. İBT. 00168.00129.002) ئەمەش دوای ئەوەی یاداشتێکی پێشکەشی پەروەردە کردبوو، و تیایدا داوای دامەزراندنی لە قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز کردبوو (BOA. MF. MKT. 00903. 00009. 001).

هەرئەمەش نا بەڵکو لە ساڵانی دواتر مووچەی مامۆستایانی پلەیەکیش لە قوتابخانەکەدا کەمبۆتەوە، هەروەکو لە ساڵی 1913 مامۆستایەك بەناوی محەممەد جەمیل ئەفەندی، بە بڕی مووچەی 300 قروش بە مامۆستای پلە یەك لە قوتابخانەی ڕوشدییە ی ڕەواندز دامەزرێنراوە، کە ناوبروا لە 1913/10/11 دەستبەکاربوونی کردووە، بەڵام بەڕێوەبەری پەروەردەی مووسڵ لەدوای پێنج مانگ، ڕێك لە ڕێکەوتی 1914/3/27 نووسراوی دەستەبەکاربوونی ناوبراوی بۆ وەزارەتی پەروەردە لە ئەستەنبۆڵ ناردووە (BOA. MF. İBT. 00493. 00052.001).

ئەوەی پەیوەست بێت بە شێوازی مووچە وەرگرتنی مامۆستایان، ئەوا بۆمان دەدرەکەوێت مامۆستایان لە ڕێگای بانقی زراعەت لە هۆبەی ڕەواندز مووچەیان پێدراوە، چونکە بە پێی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی، پیشانمان دەدات کە لەدوای کۆچی دوایی مامۆستا محەممەد ئەمین، مامۆستا لە قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز، کە لە ڕێکەوتی 15/8/ 1893 کۆچی دوایی کردووە و لە ڕێگەی نوسینگەی بانقی زراعەت

(زراعت بانقاسی) لە شاری ڕەواندز مووچەکەی بە خێزانەکەی دراوە (BOA. MF. MKT. 00178. 00059. 001).

جیاوازی بڕی مووچەی مامۆستایان نەك هەر کێشەبووە بۆ لایەنی دارایی مامۆستا، تەنانەت یەکێك بووە لەو هۆکارانەی کەوا ئاڵوگۆڕی شوێنی کارکردنی مامۆستایانیش نەکرێت، بۆ نموونە: لەم ماوەیەدا دەبینین دوو مامۆستا لە قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر و ڕەواندز هەوڵیانداوە جێگای خۆیان و شوێنی کارکردنی فەرمییان ئاڵوگۆڕ بکەن، بەڵام بەڕێوەبەری پەروەردەی ویلایەتی مووسڵ ڕێگەی بەمە نەداوە، هەروەکو دەبینین لە ڕێکەوتی 4/ سەفەر/ 1317 کۆچی - 14/ 6/ 1899 زایینی، مامۆستای پلە یەك لە قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر بەناوی عەبدولحەکیم ئەفەندی هەوڵیداوە لەگەڵ مامۆستای پلە دوو لە قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز بەناوی عەلی ئەفەندی شوێنی خزمەتکردنیان بگۆڕن، بۆ ئەمەش هەردووکیان داواکاریان پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ویلایەتی مووسڵ کردبوو، بەڵام داواکەیان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە ی ویلایەتی مووسڵەوە ڕەتکرایەوە، ئەویش لەبەر چەند پاساوێك، کە یەکێ لەو پاساوانە بریتی بوو لەوەی مامۆستا عەبدولکەریم ئەفەندی خەڵکی ڕەواندز نەبووە و بڕی مووچەکەی جیاواز بووە، چونکە ناوبراو 450 قروشی وەرگرتووە و عەلی ئەفەندیش 600 قروشی وەرگرتووە (BOA.MF.MKT.00466.00029.001) .

یەکێك لە کێشەکانیتری ئەم قوتابخانەیە ئەوەبووە، کە دەبینین هەندێك لە مامۆستایانی قوتابخانەکە دەوامیان نەکردووە، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی مووچەی بە بەردەوام بۆ ناردوون، جا ئەمەش لەبەر بێ ئاگایی فەرمانبەرانی دەوڵەت بووە، یاخود هەرهۆکارێکی تر، بۆنموونە: بە پێی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی ساڵی 1901 زایینی پیشانمان دەدات کە دەبوو مامۆستا ئەسعەد ئەفەندی وەکو مامۆستا دەوام بکات، چونکە ناوی ئەو وەکو مامۆستای قوتابخانەکە تۆمارکراوە، بەڵام لە شوێنیدا مامۆستایەکیتر بەناوی عەلی ئەفەندی دەوامی کردووە (BOA. MF. MKT. 00466. 00029) لەگەڵ ئەمەشدا دەوڵەتی عوسمانی بەردەوام مووچەکەی بۆ مامۆستا ئەسعەد ناردووە، تەنانەت دواتر بووە بە پاسەوانی قوتابخانەکە و وازی لە پیشەی مامۆستایەتییەکەی هێناوە (BOA. MF. MKT. 00190. 00144. 001).

ئەمەش دەکرێت بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە کە لەسەرەتادا دەوڵەت ئاگاداری ئەم گۆڕانکارییە نەبوبێت، بەڵام دواتر لە ساڵی 1902 بڕیاردراوە مامۆستا بۆ قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز و ڕوشدییەی کفری دابمەزرێت، چونکە قوتابخانەکان پێویستیان بە دامەزراندنی مامۆستا هەبووە، بۆ ئەمەش بۆ هەر قوتابخانەیەك مامۆستای پلە یەك دامەزرێنراوە و بڕی موچەکەی 540 قروش بووە، ئەمەش دەریدەخات دەوڵەتیش بیری لە گۆڕینی مامۆستایان و دامەزراندنی مامۆستای نوێ کردێتەوە، بەتایبەتی ئەوکاتانەی کە زانیویانە هەندێ مامۆستا لە ئاستی زانستی وەکو پێویست نین، یاخود پابەندی دەوام و وانەگوتنەوەی قوتابخانەکە نین (BOA. MF. İBT. 00129.00029.001).

یەکێکی تر لەو بابەتانەی پەیوەندییان بە بڕی مووچەی مامۆستایانی قوتابخانەی ڕوشدییەوە هەیە، لەگەڵ ڕاکێشانی پڕۆژەی هێڵی ئاسنی حیجاز، مامۆستایانیش بڕێکیان لە مووچەی خۆیان بۆ ئەم پڕۆژەیە بەخشیوە، ئەمەش لەسەر داواکاری خودی وەزارەتی پەروەردەی دەوڵەتی عوسمانی بووە، بەتایبەتی بۆ ئەو مامۆستایانەی مووچەکانیان لەسەروی 500 قروش بووە، هەروەکو دەبینین لە ڕێکەوتی 22/ تەمووز/ 1322 ڕۆمی - 4 / 8/ 1906 بە فەرمانێکی وەزارەتی پەروەردە بە ژمارە 87 کە تیایدا داوایان لە مامۆستایان کردووە هاوکاری پڕۆژەی هێڵی ئاسنی حیجاز بکەن، خودی ئەم بڕیارەش مامۆستایانی قوتابخانەکانی ڕوشدییەی سەر بە ویلایەتی مووسڵی گرتۆتەوە (BOA. MF. MKT. 00972. 00008. 001).

واتە لێرەوە ڕوون دەبێتەوە کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان بڕی مووچەی مووچەخۆرانی دەوڵەتی عوسمانی هەیە. بەتایبەتی لەنێو مووچەی مامۆستایانی قوتابخانەکانی ڕوشدییەی دەوڵەتی عوسمانی، بەشێوەیەك مامۆستایانی قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز هێندەی مامۆستایەکی قوتابخانەکانی تری ڕوشدییە لەناوچەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی وەرنەدەگرت. هەربۆیە ئەوەی لەم تەوەرەیەدا بەدیدەکەین، سەرە ڕای ئەو جیاوازییەی لە بڕی مووچەی مامۆستایان و فەرمانبەرانیتری دەوڵەتی عوسمانییدا هەبووە، لەگەڵ ئەمەشدا چەندین جار مامۆستا بۆ قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز دامەزرێنراون، تەنانەت جگە لە هێنانی مامۆستا لە دەرەوەی شاری ڕەواندز، ئەوا سوودیان لە مامۆستا و زانایانی شارەکەش بینیوە و زۆر جار وەکو مامۆستای قوتابخانەی ڕوشدییە دایانمەزراندووون.

### سێیەم: بەکارهێنانی بینای قوتابخانەکە بۆ شوێنی حەوانەوەی سەربازانی دەوڵەتی عوسمانی

لە پاڵ کێشەکانی کەمیی ژمارەی قوتابیان و دواکەوتنی مووچەی مامۆستایانی قوتابخانەکە و کەمی خواستی مامۆستایان بۆ خزمەتکردن لە قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز، یەکێکی تر لە کێشەکانی ئەو قوتابخانەیە ئەوەبوو لە ساڵی 1876 زایینی بۆ ماوە یەك قوتابخانەکە چۆڵکراوە، چونکە بەهۆی زۆربوونی ژمارەی سەربازانی سوپای عوسمانی لە شارەکەدا، بارەگای سەربازی (قشلە) لە شارەکەدا جێگای حەوانەوەی هەموو سەربازانی عوسمانی تێدا نەبۆتەوە، هەربۆیە قوتابیانی قوتابخانەکەیان بۆ گە ڕەکێکیتری شاری ڕەواندز گواستۆتەوە (BOA. MF. MKT. 00035. 00034. 001).قوتابخانەکەش کراوە بە شوێنی حەوانەوەی سەربازانی دەوڵەتی عوسمانی، بەمەش شوێنی خوێندنی قوتابیان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، کە ئەوکاتە ژمارەی قوتابیان تەنها 10 قوتابی بووە و لە گەڕەکێکیتر درێژەیان بە خوێندن داوە، خودی ئەمەش بۆ قوتابییەکان توشی دۆخێکی قورس هاتوون و خوێندنیان سەختتر کردووە (BOA. MF. MKT. 00037. 00086. 001).

ئەمانەش دەریدەخەن دەوڵەتی عوسمانیش بەشێکی سەرەکی بووە لەو کێشانەی ڕووبەڕووی ئەم قوتابخانەیە بۆتەوە و باڵەخانەی ئەم قوتابخانەیەی بۆ شوێنی حەوانەوە ی سەربازانی عوسمانی بەکارهێناوە. هەروەها نەبوون و کەمبوونی مامۆستایانی قوتابخانەکە و پێویستی هەبوونی مامۆستا لەو قوتابخانەیەدا، تەنانەت نەبوونی بڕوانامە ی پێویستی مامۆستایان و نەچوونی هەموو مامۆستایەك بۆ شاری ڕەواندز لە دیاترین ئەو کێشانەبوون کە ئەم قوتابخانەیە دووچاری بووە، لەلایەکی تریش کەمبوونەوەی ژمارەی قوتابیان لە قوتابخانەکە و نەچوونی قوتابیان بۆ قوتابخانەی ڕوشدییە و لەبەرامبەردا چوونیان بۆ قوتابخانە ئایینییەکانی شارەکە هۆکارێکی تری کێشەکانی ئەم قوتابخانەیە بووە، ئەمە لەکاتێکدا بابەتی دواکەوتنی مووچە و جیاوازی بڕی مووچەی مامۆستایانی ڕوشدییەی ڕەواندز لەگەڵ قوتابخانەکانی تر بەشێك بوون لە کێشەکانی ئەم قوتابخانەیە.

## ئەنجام

لەنووسینی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێك، لەوانە:

***یەكەم:*** شاری ڕەواندز ناوەندێكی گرنگی زانست و زانیاری بووە، زانست لەلایەن دەسەڵاتدارانی شارەكەوە بایەخی پێدراوە. ئەم شارە هەر لەسەردەمی حوكمڕانی میرنشینی سۆرانەوە چەندین زانای ناوداری هەبووە، كە ئەوانیش لە حوجرە و دەرسخانەكاندا وانەیان گوتۆتەوە و چەندین قوتابییان لەدوای خۆیان پێگەیاندووە، تەنانەت كردنەوەی قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز، هەنگاوێكی تری بەرەوپێشبردنی لایەنی زانستی و خوێندنی فەرمی شارەكە بوو، كە وایكرد چەندین قوتابی بەردەوامبن لەخوێندن و دواتریش دەرچووانی ئەم قوتابخانەیە بەكارووپیشەی جیاوازەوە خەریك بن .

***دووەم:*** قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز لە ساڵی 1868 زاینی بنیاتنراوە، هەر لەم ساڵەشەوە مامۆستا بۆ قوتابخانەكە دامەزرێنراوە و پێداویستییەكانی خوێندن بۆ ئەم قوتابخانەیە لەلایەن پەروەردەی مووسڵەوە دابینكراوە.

***سێیەم:*** لەگەڵ ئەوەی چەندین مامۆستا بۆ قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز دامەزراوە، لەنێو ئەوانەشدا مامۆستا و زانایانی ئاینی شارەكەش وەكو مامۆستا لە قوتابخانەكەدا دامەزرێنراون، هەروەها جگە لە هەبوونی مامۆستای زانستە جۆربەجۆرەكان، مامۆستای وانەی خۆشنووسیش گرنگی پێدراوە.

***چوارەم:*** سەرەڕای هەبوونی یەكسانی لە پلەی زانستی مامۆستاكان، بەڵام جیاوازییەكی زۆر لە بڕی مووچەی مامۆستاكاندا هەبووە، بەتایبەتی لەنێوان مووچەی مامۆستایەكی نێو شارە گەورەكان، بە بەراورد بە مووچەی مامۆستایانی شارە بچوكەكان. بۆنموونە؛ مامۆستایانی قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز هێندەی مامۆستایەكی قوتابخانەكانی تری ڕوشدییە لەناوچەكانی تری دەوڵەتی عوسمانی مووچەی وەرنەدەگرت، لەكاتێكدا هەموو مامۆستایەكی پلە یەك لە قوتابخانەكانی ڕوشدییەی دەولەتی عوسمانیدا 800 قروشی وەكو مووچە وەردەگرت، بەڵام بەرزترین مووچەی مامۆستای پلە یەك لە شاری ڕەواندز لە 540 قروش زیاتر نەبووە، تەنها یەك مامۆستا لە مێژووی قوتابخانەكەدا 600 قروش مووچەی هەبووە، كە ئەویش مامۆستا عەلی ئەفەندی بووە .

***پێنجەم:*** قوتابیانی ڕوشدییەی ڕەواندز لەسەرەتادا چوار ساڵ دەیانخوێند، دواتریش بووە بە سێ ساڵ، هەروەها لەماوەی ئەو سێ ساڵەی خوێندندا چەندین وانەی سەرەكیی و گرنگیان خوێندووە، جگە لەمەش سیستەمی خوێندنی قوتابخانەكە وایكردووە جگە لە زمانی دایك، ئەوا فێری زمانی توركی و فارسی و عەرەبی بن، هەروەها شارەزایی تەواو لە بابەتەكانی زانستە ئیسلامییەكان و زانستی قورئان و خۆشنووسی و بابەتی ئەندازیاری فێربن. تەنانەت قوتابیانی ڕوشدییەی ڕەواندز لەماوەی خوێندنیان لە قوتابخانەكەدا زۆرترین وانەیان خوێندووە، لەكاتێكدا هەرسێ زمانی توركی و فارسی و عەربیش بەدرێژایی هەرسێ ساڵەكە وانەی سەرەكی قوتابخانەكە بووە.

***شەشەم:*** لەگەڵ هەبوونی قوتابخانەی ڕوشدییە، مامۆستایانی ناودار و دەرسخانەی ناودار لە ڕەواندز و دەوروبەریدا هەبووە، بۆیە ئەمە وایكردووە زۆر جار باوكان منداڵەكانیان بۆ قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز نەنێرن، تەنانەت دەوڵەت مەترسی داخرانی قوتابخانەكەی هەبووە بەهۆی كەمبونەوەی ژمارەی قوتابیان، هەربۆیە بەمەبەستی زیاتر هاندانی خوێندن لە شاری ڕەواندز دا، بە فەرمانی وەزارەتی پەروەردە چەند چالاكییەكی جیاواز و چەندكارێك وەكو چاكسازی بۆ ئەم قوتابخانەیە كراوە، لەوانە هەوڵی نوژەنكردنەوەی لەلایەن هاوڵاتیانی شارەكە و مووچەخۆرانی شارەكە و دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ دراوە. خودی چالاكییەكانیش بۆ هاندانی قوتابیان و باوكان بووە تاكو منداڵەكانیان لە قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز بخوێنن.

***حەوتەم:*** بەهۆی دووری شاری ڕەواندز لە شارەكانیتر، هەروەها بەهۆی سەختی ڕێگاوبانی ئەوكاتی نێوان شاری ڕەواندز و ناوچەكانی تر، ئەمە وایكردووە كەمتر قوتابیان و مامۆستایان شاری ڕەواندز بۆ خوێندن و وانەگووتنەوە هەڵبژێرن.

## لیستی سەرچاوەكان


### ئەرشیفی عوسمانی:

BOA. BEO.02955.22159.
BOA. MF. İBT. 00408.00020.001.
BOA. MF.İBT. 00020.00006.001.
BOA. MF.İBT. 00044.00012.001.
BOA. İBT. 00217.
BOA. A. MKT. MHM. 00422. 00008. 001.
BOA. MF. MKT. 00045. 00142. 001.
BOA. MF. İBT. 00013.
BOA. MF. MKT. 00035. 00034. 001.
BOA. MF. MKT. 00037. 00086. 001.
BOA. MF. İBT. 00444.00234.001.
BOA. A. MKT. MHM. 00427. 00010. 001.
BOA. A. MKT. MHM. 00427. 00010. 005.
BOA. MF. MKT. 00059. 00116. 001.
BOA. DH. MKT. 02433.00080. 001.
BOA. MF. MKT. 00541. 00016. 001.
BOA. MF. İBT. 00493. 00052.001.
BOA. MF. MKT. 00466. 00029.
BOA. MF. MKT. 00360. 00013. 001.
BOA.MF.MKT.00466.00029.001.
BOA. MF. İBT. 00168.00129.002.
BOA. BEO.02955.21559.001.
BOA. MF. İBT. 00129.
BOA. MF. MKT. 00903. 00009. 001.
BOA. MF. MKT. 00098. 00007.001.
BOA. MF. MKT. 00914. 00008.001.
BOA. MF. MKT. 00972. 00008. 001.
BOA. MF. İBT. 00129.00029.001.

### ساڵنامەكانی دەوڵەتی عوسمانی:

ساڵنامة نظارت معارف عمومية، برنجی سنة (ساڵی یەكەم) 1316 هـ - 1888-1889، 1201.
ساڵنامة نظارت معارف عمومية، اكنجی سنة (ساڵی دووەم) 1317 هـ - 1889-1900م، 1418.
ساڵنامة نظارت معارف عمومية، اوچنجی سنة (ساڵی سێیەم) 1318 هـ / 1900م، 2584.
ساڵنامة نظارت معارف عمومية، دردنجی سنة (ساڵی چوارەم) 1319هـ / 1901م ، 921.
ساڵنامة نظارت معارف عمومية، التنجی سنة (ساڵی شەشەم) 1321هـ/ 1903م ، 686.

سالنامة بغداد، دفعة 1، مطبعۀ ولايت بغداد، 1292 (1875)، 92.
موصل ويلايتی سالنامة رسميسيدر، 1308 هـ ، موصل مطبعەسی، 128.
موصل ويلايتی سالنامة رسميسيدر، 1325هـ ، موصل مطبعەسی، 216.
موصل ويلايتی سالنامة رسميسيدر، 1330 هـ ، موصل مطبعەسی، 253.

**وەقايعی عوسمانی:**

تقويم وقايع، في 21 / ذا (ذالحجة)، 1254، دفعة 176.

**کتێب:**

قادر، مهدي محمد. 2021. التعليم في جنوب كوردستان في العهد العثماني 1869-1918، أربيل، مطبعة جامعة صلاح الدين.

هەروتی، سەعدی عوسمان. 2023. هەولێر لەسەردەمی عوسمانیدا 1514-1918، چاپخانەی کاروان، هەولێر.

صالح، محمد صالح. 2018. مێژوو و بیرەوەرییەکانی ڕواندز، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانی.

قەرەداغی، محەممەد عەلی. (1998). بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لەڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە. بەغدا: چاپخانەی ومیض.

هەروتی، سەعدی عوسمان. (2018). خانزادی سۆران و ئەدەبی زارەکی. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

کۆثراوغلو، نجات. 2016. التعليم في كركوك قديما وحديثا (1535-2010)، ج1، لندن، دار الحكمة.

**قاموس:**

سامی، ش. 1315هـ / 1897 م. قاموس ترکی، درسعادة (اسطنبول)، اقدار مطبعەسی.

Devellioğlu, Ferit. 2003. Osmanlıca – Türkçe Ansiklopedik LUGAT, Ankara, Aydın Kitapevei, 20. Baskı.

Yeni Turkce Lugat رشديه rüşdiye maddesi. Sayfa:354.

**نامە زانستییەکان:**

BAKR, Ashti Rahman Bakr. OSMANLI DÖNEMİ'NDE ERBİL (18. VE 19. YÜZYILLARDA). 2015. MA. KAHRAMANMARAŞ SÜTÇÜ İMAM ÜNİVERSİTESİ, KAHRAMANMARAŞ.

DOĞANAY, Fatma KAYA. 2011. Tanzimat'tan Cumhuriyete Rüşdiye Mektepleri, Doktora Tezi, Atatürk Üniversitesi ,Erzurum.

Rasoul, Muhammed Rasoul. History of Kirkuk from the Beginning of the Nineteenth Century until Becoming Part of the Iraqi Monarchy in 1925, OhD. University of Erfurt, Erfurt, 2017.

TOONJİ, Hashim Jasim Mohammed. 2016. ERBĠL KAZASI'NIN SĠYASĠ, SOSYAL VE EKONOMĠK DURUMU (1876-1908), DOKTORA TEZİ, KONYA.

ابراهيم، محمد احمد. 2013. تطور النظام العثماني في كردستان العراق، رسالة ماجستير، جامعة بيروت.

**گۆڤار:**

بيات، فاصل مهدي. 1994. التعليم في العراق في العهد العثماني -دراسة تاريخية- (القسم الثاني). مجلة المورد.

گەلاڵەیی، موحەممەد. 2023. ڕەوشی پەروەردە، قوتابخانە و مامۆستایان لە قەزای ڕواندز لە 1868-1916زدا بە پێی بەڵگەنامەکانی عوسمانی، گۆڤاری ئاژین، ژمارە (4).

خۆشناو، هێمن عومەر. 2021. قوتابیانی مەکتەبی ڕوشدییەی ڕواندز لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا، گۆڤاری ئاژین، ژمارە (1).

**پرۆسیدینگی کۆنفراس:**

گەلالەیی، محمد احمد ابراهيم. 2016. قەزای ڕواندز لە ساڵنامەکانی عوسمانیدا 1862-1912، پرۆسیدینگی یەکەمین کۆنفراسی نێودەوڵەتی ڕواندز و پێگەیێکی ژیاری بە دەوڵەتبوون لە مێژووی کورددا.

محمود، نعمت علی. 2016. شاری ڕواندزو لە دیدی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، پرۆسیدینگی یەکەمین کۆنفراسی نێودەوڵەتی ڕواندز و پێگەیێکی ژیاری بە دەوڵەتبوون لە مێژووی کورددا. پرۆسیدینگی یەکەمین کۆنفراسی نێودەوڵەتی ڕواندز و پێگەیێکی ژیاری بە دەوڵەتبوون لە مێژووی کورددا.

**ئینساکلۆپیدا:**

ÖZTÜRK, CEMİL. 2008. RÜŞDİYE, TDV İslâm Ansiklopedisi, İstanbul, 35. cild, s. 300-303.

## پاشکۆیەکان

**پاشکۆی ژمارە یەك:** فەرمانێکی پاشایی کە تیایدا پیشانی دەدات قوتابخانەی ڕوشدییە ی ڕەواندز دامەزرێنراوە.

سەرچاوە: BOA. A. MKT. MHM. 00422. 00008.001



A. MKT. MHM. 00422. 00008.001

**پاشکۆی ژمارە دوو:** ساڵنامەی ویلایەتی بەغدای دەوڵەتی عوسمانی ساڵی 1875 کە ئاماژە بە قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز کردووە.

سەرچاوە: سالنامة بعداد، 1292، 92

